Digitally signed by www.kurdistannet.org/
cn=www.kurdistannet.org/, ou=www.kurdistannet.org/, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.07.08 01:38:45 +03'00'
Reason: <none>
Kurdistan Neti Hemwane

# بەعسی و شۆڤێنیستەکانی عێراق ... لە هێرشی کیمیاوییەوە بۆ هێرشی ڤایرۆسی لە دژی سەنگەر و بەرگری نیشتمان پەروەرانی کوردستان

## کۆمیتەی بە گڕخستنی هەوڵەکانی بۆ دادگایی کردنی (تاوانبار نەزار خەزرەجی) وهاوڕێ هاوسۆزانی کەوتونەتە بەر هێرشێکی توند و بەردەوامی ڤایرۆس

**ئەحمەد عەزیز۔ دانمارک**

دوا بە دوای ئەوەی کۆمیتەی بە گڕخستنی هەوڵەکان لە چەند هەفتەی ڕابردوو بۆ دادگایی کردنی (تاوانبار نەزار خەزرەجی) چەند گورزێکی گورچگ بڕیان وەشاند لە ڕووەکانی سیاسی و دیپلۆماسی و پرۆسەی لێکۆلینەوە و لە ئەنجامدا دۆزی خەزرەجی زۆر سەخت و قورستر کرد و مەسەلەی دادگایی کردنی ناوبراوی مسۆگەر کرد لە دانمارک ، لە بەرژەوەندی گەلی کورد و قوربانییەکانی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان ، دیارە ڕەوتی ئەم کارانە لە بەرانبەریشدا بووەتە مایەی دروست بوونی مەترسییەکی گەورە لە لای هەمو ئەو تاوانبارانەی کە ڕۆڵیان بینیوە لە ئەنفال و کیمیاباران و تاوانەکانی تر کە پەیڕەو کراوە لە دژی گەلی کوردستان .

هەڵبەت ترس و دڵەڕاوکێ تەنگی پێیان هەڵچنیوە و کەوتونەتە خۆیان و شەڕێکی زۆر ناشارستانی و ترسنۆکانەیان بەرپاکردووە لە دژی کۆمیتەی بە گڕ خستنی هەوڵەکان و سەرجەم هاوڕێ و هاوسۆزانی

کۆمیتەکەمان و ، تا هەرچی ڕک و کینەیان پێ ماوە بەرانبەر میلەتەکەمان لەم ڕێگایەوە بیبارێننە سەرمان .

لە سەردەمی دوای شەری عێراق - ئێران بە ئەنفال و کیمیاباران دەستیان پێ کرد و ، لە دوای شەڕی کەنداو و ، گەیشتنی بە کەنار (تەمەن و دەسەلاتی بەعس) ، جارێکی تر بە نامەی ڤایرۆسی هێرش دەهێننە سەرمان و تاوانەکانیان بە شێوەیەکی دیکە دووبالرە دەکەنەوە .

ئێستا ڕۆژانە دەیان و بگرە سەدان جار ، بە نامەی ، چێنراو بە ڤایرۆس هێرش دەکەنە سەرمان لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە بۆ تێکدانی کۆمپیوتەرەکانمان و باری دەرونیمان ، بە مەبەستی لە بار بردن و پەکخستنی هەولەکانمان . بەلام لەم کارانەشیان جگەلە شەرمەزاری و سەرشۆڕی چی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە هەر وەکو کورد وتەنی (سەگی هار چل ڕۆژ تەمەنی دەبێت) ، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەوڵ و کارەکانمان بە تەواوەتی خەزرەجی و هاوەڵەکانی ڕاچەڵەکاندووە و نارەحەتیانی کردووە و بۆیە ئەو کردەوە ترسنۆکانەیەیان گرتووەتە بەر ، هەر وەک پیشەیانە .